The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# سەردانێکی تایبەتی نوێنەری "چاك" بۆ ڕواندا

**لەسەر داواکاریی کۆنسلی ڕابەرایەتی "چاك" و بەمەبەست ڕاگەیاندن و ناساندنی جینوسایدی ئەنفال و کیمیاباران وەکو ئەرکی سەرەکی ناوەندی "چاك" ڕۆژی 2005-05-13 کاك فەخرەدین گەرمیانی بە سەردانێکی تایبەت گەیشتە وولاّتی ڕواندا بەمەبەست بینینی لێپرسراوانی ڕێکخراوی (ئەیجس تراست) دژ بە جینۆساید کە سەرپەرشتیی و لێپرسراوی مەڵبەندی جینۆسایدی ڕواندا دەکات. نوینەری "چاك" سەردانی بارەگای ئەو ڕێکخراوەیەی لە ڕواندا کرد و چاوی بە لێپرسراو و ڕێکخەری (ئەیجس تراست) کەوت و لە گەڵیاندا ماوەی سەعات و نیوێك کۆبووەوە بۆ گرێدانی پەیوەندیی و ئەم خاڵانەی خوارەوەی لە گەڵێدا باسکرد:**

1- **ئەم ڕێکخراوە مەڵبەندی سەرەکیی لە ( لەندەن)ە و هەموو شتێکیان کت و مت وەك ڕێکخراوی (چاك) ئەوانیش کوشش دەکەن دژ بە جینۆساید ، بەڕێوەبەری وڵاتی ڕواندا کە کاك فەخرەدین گەرمیانی لەگەڵیدا کۆبووەوە زانیاریی باشی دەربارەی کورد و کوردستان هەبوو بەڵام دەربارەی ژمارەی قوربانییەکان لە قڕکردنی ئەنفال سەری سوڕما چونکە نەیدەزانی ئەوەنە ژمارەیان زۆرە ئەو تەنیا دەربارەی هەڵەبجە شتی دەزانی بەڵام بۆ ئەنفال هیچ زانیارییەکی نەبوو. بەرپرسی ڕواندا بە نۆینەری "چاك"ی ڕاگەیاند و ووتی " بە ڕاستیی زۆرم حەز دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان کوردێك بناسم چونکە ئێمەو کورد توشیی نەهامەتیی جینۆساید بووینەتەوە.**

2- **ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی کە هەر لە ئێستاوە دەست بکرێت بە پێوەندی ڕاستەو خۆ لە گەڵ ڕێکخراوی بەشی ڕواندا و ئەمانیش مەڵبەندی سەرەکی لە لەندەن ئاگادار دەکەنەوە لە هەموو وردەکارییەکان بە پێی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ توندو تۆڵ کردنی پێوەندیی نێوان "چاك" و "ئەیجس تراست"**

3- ڕێککەوتن لە سەر داوەت کردنی نوێنەرانی "چاك" لە لایەن ڕێکخراوی "ئەیجس تراست" و ئاسانکاری کردن لە لایەن حکومەتی ڕواندا وە بۆ وەرگرتنی ڤیزا و پێشوازیی کردن ... هتد بۆ سەردانی ولاتی ڕوانداو بەمەبەست بینینی مەڵبەندی جینۆسایدی ڕواندا لە شاری "کیگالی" پاتەخت و لە بەرانبەردا ناوەندی "چاك" داوەتی ئەندامانی "ئەیجس تراست" بکات بۆ سەردانی کوردستان بە تایبەت شاری هەڵەبجە و ئاسانکاریان بۆ بکرێت.

4- هەردوو ڕێکخراوەکە لە ئێستاوە وەك دوو ڕێکخراوی (دەستە خوشك) یەکتری بناسن و پێوەندی بەردەوامیان هەبێت ، لە چالاکی و جموجولی یەکتر ئاگادار بن ، ڕێکخراوی "ئەیجس تراست" ئاگەیان لە مەسەلەی گرتن و دادگایی کردنی بازرگانی چەکی کیمیاوی(فرانس ڤان ئەنرات) لە هۆڵەندا هەیە...

5- بۆ مەسەلەی تەرخانکردنی جێگایەکی شایستە بۆ دانانی پۆستەر و وێنەی هەڵەبجەو ئەنفال بەرێوەبەری ڕێکخراوی "ئەیجس تراست" لە ڕواندا ڕایگەیەیاند کە ئەوان لاریيان نییە بەڵام دەبێت ئەو مەسەلەیە لە ماوەی پێوەندیی و گفتوگۆدا ساخ بکریتەوە چونکە تا ئێستا جینۆسایدی کورد بە (ڕەسمی) نەناسراوە ، بەڵام "چاك" دەتوانێت ڕێك بکەویت لەسەر شێوەیەك بۆ دانانی زانیارییەکان پاش گفتوگۆو ڕێککەوتن پێکەوە لەوە گرنگتر ئەوەیە ئێستا هەردوولا دەست بکەنە پێوەندیی و گفتوگۆ پێکەوە.

شایەنی ئاماژەپێکردنە کاك فەخرەدین گەرمیانی لە وتاریکیدا کە ئاڕاستەی ناوەندی "چاك"ی کرد بوو گرینگێتی ئەو ڕێکخراوەیەی ورووژاند کە بە هەزارەها کەس لە وولاتانی جیهانەوە سەردانی ئەکەن بۆ ئاشنا بوون لە بارەی جینۆسایدی "ڕواندا" و لە مونەمێتەکەیاندا زانیاری دەربارەی کاری جینوساید لە جیهاندا خراوەتە ڕوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باس لە سەر ئەنفال و جینوسایدی کورد نەکراوە. بۆیە ناوەندی چاك بە پێویستی زانی ئەم کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی و کاك فەخرەدین گەرمیانی ڕاسپێرێت بە نوێنەرایتی خۆی بۆ ئەمەبەستە.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن وجینوسایدی گەلی کورد –چاك–**

www.chak.info
chak_org@yahoo.com
antigenocide@hotmail.com